# دوبەییەکانی کوردستان و دوبەیەکەی ئیمارات

عەلی مەحمود محەمەد

2005-9-20

لە زووەکەوە بە نیازم شتێك بچووك لەسەر دوبەی و شارە هاوشێوەکانی لە کوردستان بنووسم , ئەوەی هانی دام ئەمڕۆ ئەو بابەتە بهێنمە پێشەوە , سەردێری چاوپێکەوتنێك بوو لەگەڵ ڕێزدار د.بەکر عەبدوڵا لە ڕۆژنامەی میدیای بەرواری 20-9-2005 . لە سەردێری بابەتەکە نووسراوە : ئەگەر بتەوێت کوردستان ببێتە دوبەی دەبێ گەندەڵی لە کوردستان نەمێنێ .

دیارە ئەم دەربڕینە لە سەردێری بابەتەکەوە هەڵەیە , چونکە دوبەی شارێکە نەك وڵات یان هەرێمێك , دەشێت شارێك لە کوردستان بچوێنی بە دوبەی , نەك وڵات و هەرێمێك کە کوردستانە . ئەم لێکچواندنە بۆ شارە وڵاتەکانی وەك سەنگافورە و هۆنگ کۆنگ و ماکاو ڕاستە لەگەڵ کوردستان نەك بۆ شاری دوبەی کە تەنها شارێکە لە وڵاتی ئیمارات .

باشتر بوو هەولێر , یان دهۆك و سولەیمانی بە دوبەی بەروارد بکردایە .

ناوبراو لەم چاوپێکەوتنەی دەرگای بابەتێکی گرنگی داوە , بەڵام بە داخەوە بێ سەرچاوەیە , ئەویش سەرمایەی بازرگانانی کوردە لە ئەوروپا (بەشی زۆری هی سیاسییەکانە- لە منەوە ) , بە 120-150 ملیار یۆرۆی قەبڵاندووە , نازانم ڕاست و دروستی ئەم ئامارە چەندە ؟ یەکەم جارە چاوم بە ئاماری قەبەی لەم چەشنە دەکەوێت سەبارەی بە سەرمایەی کورد لە تەراوگە . گرنگە کورد بەو ئاستە سەرمایەی هەبێت . هەرچەندە سەرمایە ترسنۆکە , باوەڕ ناکەم قەت جورئەتی هەبێت بگەڕێتەوە کوردستان و بەشداری لە پێشکەوتنی کوردستان بکات , چونکە سەرمایەی کورد لە تەراوگە بەشی زۆری سامانی سیاسییەکانە , بەشێوەی نا شەرعی دەستییان کەوتەو لە کوردستان بردویانەتە دەرەوە .

ئەرێ شەرم نییە بۆ من بەسەرو باڵی سستەمێکدا هەڵبدەم , یەکێك بێت لە سستەمە سیاسییە هەرە دواکەوتووەکانی جیهان , ئەویش ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبییە . وڵاتێك نە کش و فشی مۆدێرنیتە و دیموکراتیك بوون دەکات , نە ڕێگەشی پێ دەدات لە وڵاتەکەی کەس باسی بکات . بە شانازیشەوە باس لە یاساغ بوونی هەر جۆرە ڕێکخستنێکی سیاسی , کۆمەڵایەتی دەکات .

ڕۆژانە ئێمە گوێمان لەو وتانە دەبێت , سلێمانی دوبەی کوردستانە , یان هەولێر دەبێتە دوبەی کوردستان . هەندێك جار زیاتر دەڕۆن و غیرەت دەدەنە خۆیان بە هۆنگ کۆنگیشی دەشوبهێنن , وەك ئەوەی سەردەمی یەجوج و ماجوج بێت کەس لە سەتەلایتەوە هۆنگ کۆنگ و دوبەی نەدیبێت .

هەر جادەیەك تازە , نەفەقێك , ئوتێلێکی قەزەم دەکرێتەوە , یان دوو سەعات کارەبا زیاد دەکرێت, یان دوو پەرداخ ئاو زیاتر دەدەنە گەرەکێك , یاخود بۆیەی شەقامەکان بە چەند سەتڵە بۆیەیەك ئێکسپایەر بۆیە دەکرێت , کە بەرگەی 6 کاتژمێری خۆرەتاوی ئابی کوردستان ناگرێت , ئیتر ئەم پیا هەڵدانە دوبارە

دەبێتەوە . سیاسییەکان قەیناکا بە دکتۆراکانیشییانەوە ئەوەندە سەری لیٚ دەرەکەن , تەنانەت هەندێك سەرمایەداری ژیری وەك فاروقی مەلامستەفاش ئەم ڕستەیە دوبارە دەکەنەوە . ئەگەر بۆ سیاسییەکان ئاسایی بێت , ئەوا بۆ کەسێکی خاوەند ئەزموون و دنیا دیدەی وەك فاروق زۆر دەکەوێت لە سەری , ئەگەر بەرژەوەندی لەم قسانەدا نەبێت .

نایەم باسی پرۆژەی نەخلەتان بۆ بکەم , کە دەریا دەکەن بە زەوی , یان باسی ڕێگاو بانەکان , یاخود باسی جەبەل عەلی چۆن بۆتە یەك گەڕەك لە دوبەی , جاران هەمووی شارەکە بوو . با بزانیین تەنها لەم دوو ڕۆژەدا , زۆر بە کورتی و بەشێکی زۆر کەم لە هەواڵە ئابورییەکان چییان لەسەر دوبەی نوسیووە .

پارساڵ **1,5** ترلیۆن درهەم لە پرۆژەکانی بیناسازی لە ئیمارات خەرج کراوە , بەمەش ئیمارات یەکەم وڵات بوو لە جیهاندا , کەوتە پێش وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و چین و مالیزیاوە ( هەر دۆلارێك **3,75** درهەمە – لەخۆمەوە) ( بیان **17-9-2005**). ئەم پرۆژانەی بەشی زۆری لە دوبەی کرانەوە .

پرۆژەی کەنداوی بازرگانی , کە پێك هاتووە لە **240** بالاخانەی زۆر بەرز , سەدان شوێنی ڕاوەستانی ژێر زەوی , خانەی ئۆپەرا , ئەم پرۆژەیە **40** ملیار درهەمی بۆ تەرخانکراوە . قۆناغی یەکەمی پرۆژەکە **5** ساڵ دەخایەنێت , لە ساڵی **2012** تەواو دەبێت , کە لە **14** باڵەخانە پێك دێت , هەر باڵەخانەی لە **20-60** نهۆمە .

تەنها پرۆژەی جمیرایتش ڕیزیدنس کە گەورەترین پرۆژەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست , پێك هاتووە لە دەیان باڵاخانە , بازاڕ , میوانخانە , شوێنی گەشت و گوزار و حەسانەوە , ئەم پرۆژەیە **52** ملیار درهەمی بۆ تەرخانکراوە .

هەر هەمان ڕۆژ کۆمپانیای دوبەی بۆ خانوبەرە پەردە لەسەر گەڕەکی بازرگانی لادەدات , کە بڕی **4** ملیار درهەمی تێچووە.

دەرگای سەرمایەگوزاری بۆ **3** ناوچە کرایەوە لە بەردەم پرۆژەی ڕۆژی ئەبو زەبی , کە **5** باڵەخانە(برج)لە سەرەتای پرۆژەی خۆری ئەبو زەبی پێك دەهێنن , **4** باڵەخانەی نیشتەجیٚ بوون , کە هەریەکەی **60** نهۆمە , باڵەخانەیەك(برج) لە **75** نهۆم پێك دێت . بەشی دووەمی پرۆژەکە گوندێکی نیشتەجێی مۆدێرنە , کە لە چەند خانویەی نیشتەجیٚ بوون پێك دێت , هەریەکەیان لە نێوان **6-35** نهۆمە , بە نێوانیاندا جۆگەی ئاوی مەزن گوزەر دەکات( الاتحاد **19-9-2005**).

کەناڵی تەلەفزیۆنی سپیستۆن جالاکسی شارێکی ئاسودەیی تەواو بۆ مناڵان لە دوبەی بە بڕی **1** ملیار دۆلار دروست دەکات , کە بریتی یە لە **4** میوانخانە , یەکێکیان **60** نهۆمە , لە شێوەی کەشتی ئاسمانی دروست دەکرێت , هەموو جۆرە یارییەکی مۆدێرنی تێدا دەبێت بۆ مندالان (شرق الاوسط **20-9-2005** -ژمارە **9793**).

سپاردەی ئیماراتییەکان لە دەرەوە دوای سعودییەکانەوە دێت, بە زیاتر لە **400** ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت .

نرخی پشکەکانی بۆرسەی دوبەی زیاتر لە **793** ملیار درهەمە , لەناو کۆمپانیاکانی **22** بانك و **19** کۆمپانیای بیمەی تێدایە (الاتحاد **19-9-2005**).

هەروەها دوبەی ناوەندی بازرگانی کەنداوو ناوچەکەشە, یەکێکە لە شارە گران بەهاکانی جیهان , بۆ گرانی لەپێش واشنتۆنەوە دێت (جەزیرە نێت 29-8-2005).

پارساڵ ئیمارات 17,2 ملیار درهەمی زیاد بووە لە بودجەی وڵات . ئابورییەکەی بە ڕێژەی 7,4٪ گەشەی کرد (هەمان سەرچاوە).

پێشبینی دەکرێت ساڵی 2005 ئابورییەکەی بە ڕێژەی 20٪ گەشە بکات (19-9-2005 جەزیرە نێت).

تەنها بانکی ئەبو زەبی سەرمایەکەی 38,4 ملیار درهەمە (جەزیرە نێت 19-9-2005). بەڵام 163 ملیار دۆلار سەرمایە هەڵدەسوڕێنێت (جەزیرە نێت 12-9-2005).

ئەوەی شایانی ئاماژە پێدانە ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی لە ساڵی 1971 دامەزراوە , ڕوبەرەکەی 82880کم دوجایە , تەنها 0,6٪ زەوییەکەی بە کەڵکی کشت و کاڵ دێت , ئەوەی دیکەی بیابانە و ئاوی شیرینی نییە , دانیشتوانە ڕەسەنەکەی لە کۆی 4,3 ملیۆن 19٪ پێك دەهێنن .داهاتی تاك لەم وڵاتە ساڵانە 25000 دۆلارە . ڕێژەی هەژاری سفرە .

ساڵانە 45,12 ملیار کیلۆ وات وزەی کارەبا بەرهەم دەهێنێت, خۆی پێویستی تەنها بە 36,51 ملیار کیلۆواتە .97,8 ملیار بەرمیل نەوتی یەدەکی هەیە جگە لە گاز .

کۆی ناردەی بۆ دەرەوە , بایی 69,48 ملیار دۆلارە , هاوردەی وڵاتەکەی بایی 25,66 ملیارە .

ژمارەی هێزی کاری 2,36 ملیۆن کرێکارە ,7٪ لە کەرتی کشت و کاڵ و 15٪ لە کەرتی پیشەسازی و ئەوەی دیکە لە کەرتی خزمەتگوزاری کار دەکەن .

ئابوری وڵات 4٪ لە کەرتی کشت و کاڵ و 58,5٪ کەرتی پیشەسازی و 37,5٪ لە کەرتی خزمەتگوزارییەوەیە .

ئەم وڵاتە لە دامەزراندنیەوە تا ئێستا یارمەتی لە دەرەوە وەرنەگرتووە, بەڵکە خۆی لە ساڵی 1971ەوە تا پار ساڵ بڕی 5,2 ملیار دۆلار کۆمەکی 56 وڵاتی بیانی کردووە . هەروەها بایی 18,64 ملیار دۆلار زێڕی یەدەکی هەیە .

کۆی بەرهەمی نەتەوەیی ئیمارات لە ساڵی 2003 بایی 70,960 ملیار دۆلار بووە , بە پلەی 47 ەهەمین وڵات هاتووە لە جیهاندا , 17 وڵات دوای هۆنگ کۆنگەوە .

هەرچەندە ئەو زانیارییە بەسە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بەراوردی هیچ شارێك بە دوبەی نەکرێت , کە لە سایەی یەکێك لە کۆنەپەرستترین و دواکەوتووترین سستەمی سیاسییدا گەیشتووە بەم جێگەیە , بە داخەوە دەبێت ئێستا خەڵکی ئەم وڵاتە ئاواتی بۆ بخوازێت .

ئێمە دەیان و سەدان ساڵمان پێویستەبە ئێستای دوبەی بگەین , ئەبێ ئەوان لەو کاتە بە کوێ بگەن ؟.

ئێمە هێشتا خەون بەکارەباو بانك و باخچەو مەلەوانگەوەوە دەبینین , نەك تەئمین و شاری خۆشگوزەرانی و باڵەخانەی دەیان نهۆمی .

هێزی کارمان هەموو لە خانەنشین , موستەشار , مودیر عام , پۆلیس, وەزیریدا کار دەکەن , ئەمانەش جگە لە گوو هیچ بەرهەمێکی دیکەیان نییە .

له وڵاتی ئاوی شیریندا ,  له تێنا دەخنکێین , له وڵاتی دیموکراسی و سۆسیال دیموکراتدا لەسەر شەقامەکان سواڵ دەکەین , له وڵاتی کەهرۆمائیدا ( دوکان و دەربەندیخان) له تاریکییدا دەژێین , له وڵاتی کۆمپانییای بەرپرسان و گومرگدا لەسەر سواڵ دەژێین , له وڵاتی بەهاردا بێ باخچەین , له وڵاتی چیاو دۆڵی ڕەنگیندا برسین ,  له وڵاتی قسەی زل و شاباشدا بێ بەرنامەو ئاماری  ئابورین ,  کەواتە بژی مەلەکییەت .

ئەمەی خوارەوەش دوبەیەکان ئێمەو دوبەیەکان ئەوان.


























© www.kurdistannet.org
کوردستان نێت: دهۆک/ ئەم منداڵە ڕۆژانە زیاد لە دەکاتژمێر لە ناوچەقی بازاڕی دهۆکدا سواڵ دەکات. گەلۆ ڕۆژی زیاد
لە 10.000 دیناری دەستدەکەوێت، کە زۆرترە لە موچەی فەرمانبەرێک. پرسیار ئەوەیە ئەم پارەیەی ئەم منداڵە پەیدای
دەکات، کێ هەڵیدەلوشێ؟ پارێزەرانی مافی منداڵانی دهۆک، تکایە هەڵمەتێ بۆ سزادان و ڕیسواکردنی ، بەکارهێنەرانی ئەم منداڵانە
28 6 2004




© www.kurdistannet.org
کوردستان نێت: هەولێر - پارێزەرانی مافی بەساڵاچووان لە کوێن!!!!
14 5 2004




© www.kurdistannet.org
کوردستان نێت: سلێمانی/ ئایا ئەو پارەیەی ئەم کەم ئەندامە بە سواڵکردن دەستی دەکەوێت، لە پێناوی خۆشگوزەرانی
خۆیدا سەرف دەکرێت، یان خەڵکانێکی کە بۆی هەڵدەلوشن؟ پارێزەرانی مافی کەم ئەندامان لە سلێمانی تکایە
هەڵمەتێک بۆ سزادان و ڕیسواکردنی بەکارهێنەران و ئیستیغلال کەرانی ئەم جۆرە کەم ئەندامانە بکەن
7 6 2004




K. Nêt


